

**سەرم سورِماوە لە خۆشم . . . هۆنراوەی شاڵاو**

**گوڵم لەگەڵ شنەبایەك**
**لە نیوە شەو**
**تاڵێك قژت گەیشتە لام**
**پڕ بوو لە بـــــــــــۆ ...**
**منیش كردم بە جۆلانە بۆ دڵی خۆم ...**
**بۆ سەر خەوێ**
**بە یادی تـــــــــــۆ ...**
**بۆ بەیانی**
**كە بێدار بوو م بە ناچاری**
**نەك تەنها خۆم ..**
**بەلكو هەموو ژوورەكەشم ..**
**بۆنی عەتری لێ دەبـــــــــــاری**
**لەوساوە من**
**نازانم شەو تاكو دونیا خامۆش دەبێ**
**شیعر بۆ چـــــاوی بنووسم**
**سەرم سوورِماوە لە خـــــــۆشم**
**یان دانیشم**
**تا بەیانی**
**شووشە شووشە**
**بۆنی زوڵفی ئەو بفــــــرۆشم ! ..**

..................

www.shallaw.info.se